دانەر ونیگارکێش: ویلم د فینك

# عیسای مەسیح




دانەر ونیگارکێش: **ویلم د فینك**


# عیسای مەسیح



**ماڤێت بەلاڤکرنێ بو لـ** © 1993 Stichting Wereldtaal, Houten, Netherlands
هەر مافەکێ پاراستی‌یە. هەر پشکەك ژ ڤان چاپەمەنی‌یا نابیت ب کار بهێت، چ ب دوبارەکرنا چاپکرنا وێ یان ب ڤەگوهاستنا وێ ب هەر ریکەکێ. ئیلکترونی یان میکانیکی بیت و ئەڤە ژ وینەگرتن وتومارکرنێ ژی دگریت وب کار ئینانا سیستەمێت پێ زانینا بیێ دەستیری‌یەکا نڤیس ژ بەلاڤکەری.
**کوپی‌یا جیهانی یاهاتی‌یە رێك وپێك کرن ودەرئینان ب بژیڤانی‌یا** Proclama
**ناڤ ونیشان:** P.O. Box 91, 3958 ZV Amerongen, The Netherlands
**ل گەل:** Open Doors, Ermelo, The Netherlands
**وەرگێران و کومپیوتر: بنگەهێ ئاشتی بو بەلاڤکرنێ - دهوك**


چییە بۆ ئەو خەڵکە لەدەوری یەحیای کوڕی زەکەریا لەسەر ئەو ڕووبارە کۆبوونەتەوە؟
تۆبەبکەن چونکە پاشایەتی خودا نزیک بووەتەوە!


ژیانێکی تازە دەست پێبکەن
ئەوا تەوری سزای خودا خراوەتە سەر رەگی دار.
هەر درەختێك بەرهەمی باش نەدات دەبڕێتەوەو دەخرێتە ناو ئاگرەوە.
هەموومان لەوانەیە ببڕێینەوە، کەس ناتوانێ لەخۆیەوە بەچاکی بژی!
راستە! کەس ناتوانێ لەسزای خودا رابکاتّ. بەلام یەکێك لەدوای من دێت دەتوانێ گۆڕانکاری لەناوەوەو دەرەوە بکات.
گەر بەراستی ژیانی نوێتان دەوێت• واز لەگوناه بێنن و خوتان لەئاو هەلکێشن
ئێستا خۆتان لەگوناه پاك کردەوە تا ژیانێکی نوی دەستپێبکەن.



هەموو خەڵک یەحیای کوڕی زەکەریایان بەهاندەر بانگ دەکرد.
من گرنگ نیم، بەڵام ڕێگا بۆ ئەو کەسە ئامادە دەکەم کە پێمان دەڵێ خودا کێیە. ئەو بەڕوحی پیرۆزو بەئاگر لەناوتان هەڵدەکێشێت. ئەو بەتەواوی دەتان گۆڕێ.
دوای ئەوە ...
من پێویستیم بەوەیە لەناوم هەڵکێشیت!
ئێستا ڕێبدە، بەمە ویستی خودا دێنینەدی
ئەی باوک با خواستی تۆ بێت.
دەنگێک لەئاسمانەوە هات، ووتی:
ئەمە ڕۆڵەی خۆشەویستمە. کە پێی دڵشادبووم.


لەسەرەتاوە یەحیای کوری زەکەریا خەلکی ئیسرائیلی بۆ هاتنی عیسای مەسیح ئامادە دەکرد. وەلاتەکەشیان بەشیك‌بوو لەئیمپراتۆریەتی رۆمانی.
اسرائیل
گلیل
قان
یهودیه
گەلی ئیسرائیل هەستیان بەنائومیدیو چەوسانەوە دەکرد، تامەزرۆی هاتنی عیسای مەسیح بوون. ئەو رزگارکەرەی کە نووسراوە ئاسمانییەکانو پیغەمبەران ئاماژەیان بو کردبوو.
حەزرەتی یەحیا بەدەستی ئاماژەی بۆ حەزرەتی عیساکردو ووتی:
ئەمە بەرخی قوربانی خودایە گوناهی جیهان هەلدەگری.
دوای لەئاوهەلکیشانی حەزرەتی عیسا، رۆحی خودا بەرەو بیابانی‌برد.
چل شەوو چل رۆژ لەوی مایەوە بی‌خواردنو خواردنەوە هەر نویژی دەکردو رۆژووی دەگرت، تا ئەو ئەرکە ببینی کەپیی‌سپیرراوە.
ئەرکی حەزرەتی عیسا روونکردنەوەی مەبەستەکانی خودا بوو بۆ مرۆڤ. خودا دەیویست مرۆڤ لەچنگی مردن رزگاربکات.
حەزرەتی عیسا رووبەرووی شەیتانی سەرکردەی تاریکستان بووەوە کە جیهان خاپوورو ویران دەکات.
بەلی ئەی باوك بەخواستی تو دەکەم.
4.


بەڵام شەیتان دەیویست بەهەندێ قسە حەزرەتی عیسا لەو ئەرکە دووربخاتەوە کە بۆی هاتبوو.
گەر بەراستی ڕۆڵەی خودای بەو بەردانە بڵێ ببن بەنان!
نەخێر! نووسراوە: (مرۆڤ تەنیا بەنان ناژی، بەڵکو بەهەموو ووشەیەك کە لەدەمی خودا دێتەدەرەوە.)
گەر بەراستی ڕۆڵەی خودای خۆت فڕێدە خوارەوە، ئەی نەنووسراوە فریشتەکان ڕادەسپێرێو دێن هەڵتدەگرن؟
هەروەها نووسراوە: (خوداوەند خودات تاقی مەکەرەوە!)
گەر کڕنۆشم بۆ ببەیت، هەموو جیهانت دەدەمێ.
لێم دوورکەوە شەیتان! نووسراوە: (تەنیا بۆ خودا کڕنۆش ببەو ئەو بپەرستە.)
ئیتر شەیتان ڕۆیشتو فریشتەکان هاتن تا خزمەتی بکەن.
کاتێ حەزرەتی عیسا پڕ بوو لەڕۆحی پیرۆز گەڕایەوە جەلیل، لەو ناوچەیەی دانیشتوانی زۆر بوو، ناوبانگی عیسا گەورە بوو، بۆ هەر شوێنێك دەچوو خەڵکێکی زۆر دوای دەکەوتن، تابزانن ئاخۆ ئەو مەسیحەیە کە پێغەمبەران لەسەریان نووسیوە.


لەگوندی قاز نەناوچەی جەلیل شایی هەبوو
حەزرەتی عیسا لەگەل دایکیو هەندی
لەهاوریییانی لەوی ئامادەبوو.


بەلام لەکاتی شایییەکەدا...
ئای لەو گرفتە، مەی تەواوبوو!
تەنیا ئەوەبکەن کە عیسا پێتان دەلی!
کوپەکان پربکەن لەئاو، با سەرپەرشتکەری شاییش تامی بکات.
؟
ئەمە مەیەکی بەتامە!
مەیە باشەکەت بۆ دوایی هەلگرتووە!
خەلکی لەپیشەوە مەی باش پیشکەش دەکەن، بەلام تۆ مەیە باشەکەت هەلگرتووە بۆ دوایی.
ئەمە کاری عیسای ناسیرییە!
ئەو کییە؟


کەفرناحوم لەسەر دەریاچەی جەلیلە، لێرە حەزرەتی عیسا بەئاشکرا دەستی بەمزگێنیدان کرد.
قوتابیە یەکەمینەکانی هەڵبژارد.
شەمعون، لەئاوە قووڵکە تۆڕەکەت فڕێدە.
مامۆستا، بەدرێژایی شەو هیچمان نەگرت.
بەڵام باشە، لەسەر قسەی تۆ
ئەوە چییە! باوەڕ ناکەم


یاقوب! یۆحەننا!
وەرن بزانن چ
راویکە!
گەورەم لەبەلەمەکەم برۆ
دەرەوە، من گوناهبارم.
شەمعون، نەترسە!
دوام‌بکەون!
وەرن دوامکەون دەتانکەم بەراوکەری
مرۆڤ!

حەزرەتی عیسا لەگەل قوتابیەکانی
بەهەموو جەلیل دەگەراو مژدەی هاتنی
پاشایەتی خودای دەدانی، وە هەموو
جۆرە نەخۆشییەکی چاكدەکردەوەو
شەیتانی لەزۆر کەس دەردەکرد،
هەموو خەلکیش بەسەرسامییەوە
دوایدەکەوتن، لەقودسو شوینەکانیتر
دەهاتن تا گویی لی بگرن.















کردارتان لەگەڵ خەڵك بەوجۆرە بێ
کە دەتانەوێ خەڵك لەگەڵتان بکەن.
دوژمنەکانتان خۆش بوێ و نوێژ
لەپێناویاندا بکەن
بەنهێنی چاکەبکەن باکەس
نەتانبینێ.
هەرکەسێك بەهەوەسەوە سەیری ژن
بکات، لەدڵەوە داوێنپیسی دەکات.
چاو چرای لەشە، گەر چاوت ساغ
بێت لەشت هەمووی ڕووناکە، بەڵام
گەر چاوت خراپ بێت لەشت تاریك
دەبێتو لەتاریکی دەژییت.
کەس ناتوانێ خزمەتکاری دوو
گەورە بێت، یان خودا یان پارە.
خەمی بەیانیتان نەبێ، لەپێشا داوای
پاشایەتی خودا بکەن، ئەوانەتان
هەموو بۆ زیاد دەبێت.
گەر گوێڕایەڵی قسەکانم بن، لەوە دەچن کە ماڵی
لەسەر بەرد بنیاد دەنێ، گەر یاخی بن لەوە دەچن کە
ماڵی لەسەر لم بنیاد بنێ.


ڕۆژێك لەكەفرناحوم خەڵك لەدەوری ئەو ماڵە كۆببونەوە كە حەزرەتی عیسای لێبوو.
هەرگیز ناتوانین دڕ بەو قەرەباڵغیە بدەین.
دەچینە سەربان و ئیفلیجەكە شۆڕ دەكەینەوە!
ئەوە چیە لەسەرەوە؟
وازیان لێبێنن! باوەڕی ئەو برادەرانە گەورەیە!
گوناهەكانت بەخشرا!
چۆن دەوێرێ! گوێتان لەمە بوو؟
كفر دەكات!
تەنیا خودا دەتوانێ لەگوناه خۆش بێ!
كامیان ئاسانترە؟ بەئیفلیج بڵێی گوناهەكانت بەخشرا یاخود هەستەو بڕۆ.
ڕۆڵەی مرۆڤ توانای گوناه بەخشینی هەیە، ئێستاش دەڵێم هەستە جێگاكەت هەڵگرەو بڕۆ.


ئاي چەند سەیرە
ئەوە دەڕوات!
یا ! ! ! ! ! ! ا!
هەموو کەسیك دلشاد نەبوو بەکارەکانی حەزرەتی مەسیح. پیشەوایانی ئایینی دەیانڕوانی ئاخۆ حەزرەتی مەسیح یاساکانی ڕۆژی شەممە لەبەرچاو دەگری، کە ئیشکردن لەو ڕۆژەدا قەدەغەیە.
ئەم پیاوە دەستی ووشكبووە. دەشی لەڕۆژی شەممە کاری چاك بکری؟
دەستت بینە!
یا ! ! اد چاكبوومەوە!
دەبی لەناوی بەرین!
دەبی پیشەوایان لەقودس ئاگادار بکەینەوە،چونکە گەل بەرەو گومرایی دەبات!


حەزرەتی عیساو قوتابیەکان سواری بەلەمبوون لەدەریاچەی جەلیلدا.
گەورەم فریامان کەوە! وا لەناودەچین!
بۆ دەترسن؟ کوا باوەرتان؟



بی‌دەنگ بە!
ئارام بەوە!
قوتابیەکان بەلەمەکەیان بەکەناری دەریاوە بەستەوە. بەلاٖم لەچیاکان.....
یاااا!


پیاویك لەشاخ هەبوو شەیتانی تیدا بوو....
ئەوەتا هات!
ئەوە! آآآە!
عیسای رۆڵەی خوا چیت لیم دەویت؟
ئەی رۆحی پیس وازی لی بینە!
داواکارم ئازارم نەدەیت.
ناوت چییە؟
لەشکر، چونکە زورین.
بمانیرە ناو ئەو بەرازانە.
برۆن!


؟
بەتەواوی چاكبوومەوە!
برۆن وازمان لی بینن!
لەگەلت بیم؟
نەخیر لیرەبە، چۆن خودا بەزەیی پیت هاتەوە باسی بکە.


رۆله ناتوانی لەخۆیەوە هیچ بکات، تەنها ئەوەنەبی کە دەبینی باوك دەیکات، من بەخواستی خۆم ناکەم، بەلکو خواستی باوك ئەوەی ناردوومی.
حەزرەتی عیسا بەریکی دەچوو بۆ شوینی ئارام بۆ نویژکردن.
حەزرەتی مەسیح دوای شەویك نویژکردن دوانزە قوتابیەکانی هەلبژارد، دوو دوو ناردنیو دەسەلاتی دانی تا شەیتان دەربکەنو نەخۆش چاكبکەنەوە.
پەترۆسو ئەندراوسی برای هەلبژارد.
وە یاقوبو یۆحنای برای
هەروەها فیلیپۆسو بەرتولماوس


وە تۆماو مەتتای باجگر
وە یاقوبەکەی‌تر و تەداوس
شەمعونی قانەوی‌و یەهوزای ئەسخەریوتی.
بڕۆن! ئەوەی قبوڵتان‌بکات قبوڵم دەکات، وە ئەوەی قبوڵم‌بکات ئەوە قبوڵ دەکات کە ناردوومی.
دوانزە قوتابییەکە بەدڵگەرمیەوە لەکارەکەیان گەڕانەوە. عیسای مەسیح بردنی بۆ شوێنێکی ئارام، بەڵام خەڵکێکی زۆرس هاتنە لایان.
دروێنە زۆرەو ئیشکەر کەمن، داوا لەگەورەی دروێنە بکەن ئیشکەر بۆ دروێنە بنێری.


حەزرەتی عیسا ووتاری دەداو نەخۆشی چاکدەکردەوە، ڕۆژیش لەئاوابوون بوو...
فلیپۆس ئەو خەلکە چۆن خواردنیان دەستدەکەوێ، بۆ شتێکیان نادەنێ تابیخۆن؟
ژمارەیان لەپێنج هەزار کەس زیاترە، تەنانەت بایی دووسەد دیناریش بەشیان ناکات.
کوڕێك لێرەیە تەنها پێنج نانی جۆو دوو ماسی پێیە.
کۆمەل کۆمەل دایاننیشێنن.
عیسا سەری‌هەلبڕی‌و‌نانەکەی پیرۆزی‌کرد.
ئینجا ماسی‌و نانەکەی پارچە پارچەکردو دایە قوتابیەکان.


قوتابییەکان بەخەلکەکەیاندا، هەموو خواردیانو تێربوون.
دەبێ مەسیحی چاوەڕوان کراو بێت.
دەبێ بیکەین بەپاشا
بڕوانە دوانزە سەبەتە ووردەنان ماوەتەوە!
ئێستا کاتی چوونە ماڵەوەی خەڵکە، بەلەمەکە ببەنو بپەڕنەوە ئەوبەر، من لێرە دەمێنمەوە بۆ نوێژکردن.


دواتر...
ئا ا ا ا اه!
ئەمە خێوە!
نەترسن من ئەوم!
گەورەم گەر ئەوی پێم بڵێ بەپێ بەسەر ئاو بۆلات بێم!
پەترۆس وەرە!
گەورەم رزگارم کە!
ئەی کەم باوەڕ، بۆ گومانت کرد.


هەندێك ویستیان مەسیح بکەن بە پاشای خۆیان، تا لەدەسەلاتی رۆمان ئازادیان بکات، لەهەمان کات نەیارانی حەزرەتی عیسا زیادبوون‌و هەمیشە رەخنەیان لێ‌دەگرت، گەلیان هاندەدا بۆ ئەوەی لەناوی‌بەرن.
مامۆستا کەی هاتی؟
چونکە نانمدان بۆیە داوام دەکەن؟
بۆ خۆراکی لەناوچوو کارمەکەن بەلکو بۆ لەناونەچوو. بۆ ژیانی هەتاهەتایی.
من نانی زیندووم، ئەو نانەی من دەیدەم لەشی منە، لەپێناوی ژیانی خەلك دەیبەخشم.
چۆن دەتوانێ لەشیمان بداتێ بیخوین؟
بێ‌مانایە!
با برۆین!
هەموان هەلدەخەلەتێنێ.
لەوانەیە ئێوەش بتانەوێ برون؟
گەورەم بچینە لای کێ. ووتەی ژیانی هەتاهەتایی لای تۆیە!


حەزرەتی مەسیح لەبەر
زۆری دژایەتی کردنی
هەرێمی جەلیلی
بەجی هێشت و چووە
شوێنەکانی تر، ژن و
منداڵیش دوای دەکەوتن.
ئینجا ڕووی کردە قودس.
لەکاتی گەشتەکەیدا...
خەڵکی دەڵێن من کێم؟
وادەزانن تۆ پێغەمبەری.
ئەی ئێوە؟
ئایا ئێوە دەڵێن من کێم؟
تۆ مەسیحی ڕۆڵەی خوای زیندووی.
ئەوە دەربارەی من بەکەس مەڵێن، دەبێ ڕۆڵەی مرۆڤ
(مەسیح) بچێتە قودس و ئازار بچێژێ و بمرێ، لەڕۆژی
سێهەمیش هەستێتەوە.



ڕۆمانەکان لەدەرەوەی قودس نەیارەکانیان لەخاچدەدا. ئەمەش سزایەکی دڕندانە بوو
ئەوەی ویستی لەدواوە بیت. با واز لەخۆی بینیو خاچەکەی هەلگریو دوامبکەوی
ئەوەی ویستی ژیانی رزگاربکات دەیدۆرینی، بەلام ئەوەی لەبەر من بیدۆرینی دەیباتەوە.
دەبی بزانی تەنها یەك خودا هەیە.
گرنگترین داواکاری لەتۆ ئەوەیە کە خوداوەند خودات بەهەموو دلو دەروونو تواناو بیرتەوە خۆشبوی. وە نزیکەکەت وەك خۆت خۆشبوی.



ئەو کاتە لەشانشینی ئیسرائیل لەدەرەوەی شارەکان شوێنی تایبەت هەبوو بۆ نەخۆشە گولەکان. نەخۆشەکان مافی تێکەڵبوونی ساغەکانیان نەبوو.
کاتی نەخۆشەکان دەچوونە هەر شوێنێك هاواریان دەکرد. تاخەڵك لەهاتنیان ئاگاداربکەن.
گول! گول!
عیسا! گەورەم ! بەزەییت پیمان بیتود


بروئە خوتاں پیشانی پیاوە ئاینیەکاں بدەں
بچینە لای پیاوە ئاینیەکان
تابمان پشکنن؟
ئەمە دوای چاکبوونەوەمان؟
؟
!
بروانە چاکبوومەوە!
ئیمە چاکبووینەوە!
بەلی!
سوپاس ئەی
عیسا!
ئەوانەی چاکبوونەوە دە کەس
نەبوون، ئەی کوا ئەوانی تر؟
هەستە باوەرت تەنیا پاکی
نەکردیەوە، بەلکو رزگاریشی کردی.


پیشەوایانی جوولەکە لەفودس پیاوەکانیان نارد تاسیخوری لەسەر حەزرەتی عیسا بکەن، چونکە لە کردەوەکانی رازی نەبوون.
چونکە ل گەل خەلکی خراپ کودەبوود. وەك داوین پیس و باجگرەکان. ئەوانەی ل گەل رۆمانەکان ئیشیان دەکرد.
رولەی مروڤ
ئەوانە بکات کە لەناوچوون و
روگاریان بکات.
رۆژانی شەممە خەلکی چاك دە کردەوە...
چاك ببەوە!
وەرگرنگی زوری بەمندالان دەدا.
بامندالەکان بینە لام. چونکە پاشایەتی ئاسمان بو ئەوانە.


حەزرەتی عیسا چووە بەیتعەنیای نزیك قودس لەعازر ناویك لەوی نەخۆشبوو، خۆیو خوشکەکانی مەریەمو مەرسا هاوریی نزیکی مەسیحبوون. کە ئەویش گەیشتە ئەوی، لەعازەر چوار رۆژ بوو مردبوو.
ئەی گەورەم!
گەورەم گەر لیرە بایت براکەم نەدەمرد!
براکەت هەلدەستیتەوە مەرسا.
دەزانم رۆژی دوایی زیندوو دەبیتەوە.
من هەستانەوەو ژیانم، ئەوەی باوەرم پیبینی گەر مردیش زیندوودەبیتەوە باوەرت بەوە هەیە؟
بەلی گەورەم! باوەرم هەیە تۆ مەسیحی رزگارکەری چاوەروانکراوی هاتووی بۆ جیهان. تۆ رولەی خودای.
لەکوی داتانناوە؟
گەورەم وەرە بروانە!


بروانە چەند خوشی دەویست!
ئایا دەتوانی لەعازەر زیندوو بکاتەوە؟
لەعازەر کفن کرابوو لەگۆریکی لەبەرد هەلکەنراو نیژرابوو.
ئەو بەردە لابدەن!
گەورەم ئەوا چوارەم روژە بونی کردووە
گەر باوەربکەی مەزنی خودا دەبینی.
ئەی باوك لەبەرئەو خەلکە ئەمەم ووت تا باوەربکەن تۆ منت ناردووە.
لەعازەر وەرە دەرەوە!
کفنەکەی لی بکەنەوە بابروات.













لەو کاتەوە پیشەوایانی جوولەکە چاوەریی دەرفەتیك بوون تا بیدەنە دەست ڕۆمانییەکان، چونکە هەر ئەوان مافی جیبەجی کردنی سزای مردنیان هەبوو.


ئەو کاتەی حەزرەتی عیسا لەبیتعەنیا بوو....
مریەم!
ئەمە بۆنیکی دەگمەنە،
پارەیەکی باش دەکات!
باشتر نییە بفرۆشری‌ و
پارەکەی بەسەر
هەژاران دابەش
بکری؟
لێی گەڕێ یەهوزا ئەوەم لەشم بۆ کفن
کردن ئامادە دەکات.


جەژنی تێپەڕبوون نزیك بووەوە، زۆر خەلك
چوونە قودس.


ێشەوایانی جوولەکە پیلانیان دەگێڕا بۆ گرتنی
حەزرەتی عیسا. لەگەل ئەوەش لەڕۆیشتنی خۆی
ەردەوامبوو بەرەو قودس.



خەڵك بەگەرمی پێشوازیان لەحەزرەتی مەسیح کرد.
پیرۆزە ئەوەی بەناوی خوداوەندەوە هاتووە!
پاشای ئیسرائیل!
ڕزگارمان کە!
عیسا ڕزگارمان کە!
بڕوانن، هەموو گەل دوایدەکەون.
بەم چەشنە هیچ بەدی ناهێنین.


پەرستگا مەلبەندی پەرستن بوو لەقودسی پایتەخت.
لەجەژنی تیپەربوون بەر-
سەردەبری.
لەپەرستگا پیشکەش دەکرا بۆ ئاشتبوونەوەی خەلك لەگەل خودا.
بەلام ئەو قوربانییە چییە کە دەتوانی خەلك لەگوناهەکانیان رزگار بکات؟
لەگۆرەپانی پەرستگا خەلك بەپارە گۆرینەوەو بازرگانی کردن خەریك بوون.
وە عیسای مەسیحیش لەوی‌بوو..



ماڵی خودا ماڵی نوێژکردنە، بەڵام ئێوە کردووتانە بەحەشارگەی دزان.
پێویستە بەزووترین کات لەناوی بەرین!
ئەمە سامناکە، خەڵکیش بەقسەکانی دڵخۆشن.


گەر فریوی بدەین لەوانەیە بتوانین بیگرین، دواتریش بیکوژین.
بەڵام نەک لەجەژن. نامانەوێ سەرئێشە بۆ خۆمان پەیدا بکەین.
چەندم دەدەنێ گەر بیدەمە دەستتان؟
ئەمە یەهوزایە یەکێکە لەقوتابیەکانی!
عیساتان دەدەمە دەست!
سی بەشە زیوت دەدەدەینێ (نرخی کۆیلەیەکە)!


عیسای مەسیح ڕۆژانی جەژنی تێپەڕبوونی بەفێرکردنی خەڵکی لەپەرستگادا بەسەر دەبرد هەرچەندە پێشەوایان هەوڵیان دەدا کارەکانی قورس بکەن.
عیسای مەسیح دوانزە قوتابییەکەی کۆکردەوە تاکو نانی جەژن بخۆن.
ئەمشەو کارەکە دەکەمو دەیدەمە دەستتان.


بەپەرۆشەوەم نانی جەژنتان لەگەڵ بخۆم پێش ئەوەی ئازار بچێژم
خاوەن دەسەڵاتەکان گەورەیی دەنوێنن بەسەر خەڵکدا. بەڵام لەگەڵ ئێوەدا کار جیاوازە.
دەبێ پێشەواتان خزمەتکارتان بێ.
من خزمەتکاری ئێوەم.


گه‌وره‌م ناشی تو پیی من بشویت!
ئه‌ی په‌ترۆس ئه‌گه‌ر من بۆت نه‌شۆم له‌گه‌ل من به‌شت نی‌یه.
گه‌وره‌م ته‌نیا پیم نا به‌لکو ده‌ست‌و سه‌ریشم!
ئه‌وه‌ی شۆراوه، له‌پیکانی زیاتر پیویستی به‌شوشتن نی‌یه.
ئیوه به‌گه‌وره‌و مامۆستا بانگم ده‌که‌ن، باش ده‌مناسن. چه‌ند پیتان بشوم، ده‌بی ئیوه پی‌ی یه‌کتر بشۆن.
یه‌کێك له‌ئێوه ده‌مدات به‌ده‌سته‌وه
مه‌حاله!
من نیم، وانی‌یه؟
یه‌هوزا ئه‌وه‌ی نیازت بوو به‌زووترین کات بیکه.



ئەمە بکەن بۆ یادکردنەوەم...
ئەمە لەشمە وەری بگرن بیخۆن.
ئەم جامە خوێنی ڕژاومە لەپێناوتاندا بەم چەشنە خودا پەیمانێکی نوێتان لەگەڵ ببەستێ.
ڕاسپاردەیەکی نوێتان دەدەمێ ئەویش ئەوەیە، من چۆن ئێوەم خۆش دەوێ. ئێوەش ئاوا یەکتریتان خۆش بوێ.
ئەگەر یەکترتان خۆش بوێ، بەمە هەموو کەس دەزانێ کە قوتابی منن.
گەورەم بۆ هەر شوێنێك بڕۆیت من لەگەڵتم. ژیانم لەپێناوتدا بەخت دەکەم
ئەی پەترۆس پێش ئەوەی کەڵەشێر بانگ بدا سێ جار نکۆڵیم لێ دەکەیت


ئەو ئێوارەیە عیسای مەسیح و هاوڕێکانی بە بێ یەهوزا شاریان بەجێ هێشت
ئێستا بەجێتان دەهێڵم بەڵام باوك ڕۆحی پیرۆزتان بۆ دەنێری کە هەمیشە لەگەڵتان دەبێت
دوایی ڕێگای ئەو شوێنە دەزانن کەمن بۆی دەچم
من ڕێگام، ڕاستیم، ژیانم. کەس بەبێ من ناتوانێ بگاتە لای باوك
لێرە دانیشن تا نوێژ دەکەم و دەگەڕێمەوە لاتان.
باوکە، گەر دەتوانرێ ئەو ئازارەم لەسەر هەڵگرە.
بەڵام با خواستی تۆبێت، نەك خواستی من!


ئیستا کاتی نووستنە؟ هەستن لەخەو! ئەوەتا ئەوەی دەمدات بەدەستەوە لێرەیە!
ئەوەی ماچی دەکەم خۆیەتی بیگرن.
سلاو گەورەم
ئەی یەهوزا بەماچێك كوڕی مرۆڤ دەدەی بەدەستەوە
گەورەم بە شمشێر لێیان دەین
نەخێر!
عیسای مەسیح خۆی دا بەدەستەوە، بەلام قوتابیەکانی ڕایان کردو دوورکەوتنەوە.


عیسای مەسیحیان برد بۆ لای سەرۆکی پیاوە ئایینیەکان (کە سەرۆکی هەموو پێشەوایانی جوولەکە بوو) پەترۆس و یۆحەنناش دوور بەدوور لەدوایانەوە دەرۆیشتن.
ئینجا پەترۆس چووە حەوشەی مالەکەوە.
تۆ لەگەڵ عیسای ناسری بوویت!
نەخێر من ئەو پیاوە ناناسم.
تۆ یەکێکی لەوان وانییە؟
بێ گومان نا.
بێ گومانم یەکێکیت لەوان و لەوێ بووی، وەخەڵکی جەلیلی.
نازانم باسی چی دەکەن.



کوکو کو
دەی پێمان بڵێ کێ لێی دای؟
بۆ بەیانی عیسای مەسیحیان برد بۆ کۆمەڵەی پێشەوایانی جوولەکە.
تۆ رۆڵەی خودای؟
بەڵێ وەکو خۆت ووتت.
ئای چەند درۆزنە هەقی کوشتنی هەیە،
با رۆمەکان دادگایی بکەن.


ئینجا عیسای مەسیحیان برد بۆلای پیلاتۆسی دادوەری ڕۆمانی، پێشەوایانی جوولەکە خەڵکیان هاندەدا، بەهەموو جۆرێك تاوانباریان دەکرد.
دەڵێی چی دەربارەی ئەو تاوانبارکردنانە؟
چیت کردووە؟
من هاتووم شایەتی بۆ ڕاستی بدەم
ڕاستی چییە؟
من هیچ خەوشێکی تیا نابینم، جەژنی تێپەڕبوونە، کامیان ئازاد بکەم باراباس یان عیسا کە دەڵێت من مەسیحم؟



باراباس!
باراباس!
ئەی دەتانەوێ چی لەعیسا بکەم؟
لەخاچی بدە.
ئەو خۆی بەپادشا دادەنێ!
گەر ئازادی‌کەی قەیسەرت خۆش ناوێ.
باراباس تۆ ئێستا ئازادی، دەتوانی برۆیت لەجیاتی
باراباس کە تاوانبار بوو بەکوشتنی خەڵك ئازادکرا.
...٣٧، ٣٨، ٣٩
من لەخوێنی ئەو پیاوە باشە بێ‌گوناهم.
سڵاو ئەی پادشای جولەکە، ها! ها! ها!


ئەمە پیاوەکەیە!
لەخاچی بدە.
لەخاچی بدە.
ئۆبالی خوێنی لەملی خۆمان و منالمان
پلاتۆس فەرمانی لەخاچدانی مەسیحی دا، لەخاچدانیش حوکمێکی لەباربوو. عیسای مەسیح خاچەکانی هەڵگرت و بەشەقامەکانی تێپەڕی
شوێنی لەخاچدان لەدەرەوەی شار بوو لەشوێنێك کە پێیان دەووت (جەلجەسە).
مەسیحیان لەسەر خاچەکە داکوتا.



یەهوزا ئەو کاتە هەستی کرد کارێکی خراپی کردووە.
من هەڵەم کرد.
من مرۆڤێکی بێتاوانم دابەدەستەوە.
هەقمان نییە گرفتی خۆتە!
عیسای مەسیح لەنێوان دوو تاوانباردا لەخاچدرا.
ئەی باوك لێیان خۆشبە، چونکە
نازانن چی دەکەن.


لەسەر خاچەکە ئاگادارییەك بەسێ زمان نووسرابوو (عیسای ناسیری پاشای جوولەکە).
مەیێکی تالیان هێنا بۆ عیسای مەسیح بەڵام نەیخواردەوە.
هەندێ لەسەربازەکان کراسەکەیان لەنێوان خۆیان دابەش کرد.
ئەگەر بەڕاستی ڕۆڵەی خودای لەخاچەکە وەرە خوارەوە.
بەڵێ! ئەی ئەوانی ترت ڕزگار نەکرد؟
ئێمەش لەگەڵ خۆت ڕزگارکە!
لەخودا بترسە ئێمە پاداشتی کردەوەکانمان وەردەگرین، بەڵام ئەم هیچی نابەجێی نەکردووە،
ئەی خوداوەند یادم بکە کاتێ بەپادشایەتیەکەت دێی.
دڵنیابە هەر ئەمڕۆ لەگەڵم دەبی لەبەهەشتدا.


کاتژمێر نزیکی دوانزەی نیوەڕۆ خۆر گیراو شوێنەکەش تاریك بوو.
لەنزیك خاچەکەی عیساوە مریەمی دایکی و یۆحەننای قوتابی راوەستابوون.
ئەی ژن ئەمە کوڕتە. ئەی یۆحەننا ئەمە دایکتە.
خودایە.. خودایە.. بۆوازت لێهێنام؟
من تینوومە.
ئەی باوك ڕۆحم دەخەمە نێو دەستی تۆ.
وا... تەواو بوو.


عیسای مەسیح کاتژمێر سێی دوای نیوەڕۆ ڕۆحی بەخشی. یەکێك لەسەربازەکان ڕمێکی لە ناوقەدی داو یەکسەر ئاو خوێن دەرچوو.
پێغەمبەران بەم جۆرە دەربارەی مەسیحیان نووسیوە: وەك مەڕ بۆ سەربڕین
لەپێناوی گوناهەکانمان بریندار بوو بەڵام ئێستا وامرد.
ئایا ئەمە مەسیحی چاوەڕوانکراو بوو یان نا؟
بابپرسین ئایا دەتوانین بینێژین؟
یوسفی خەڵکی ڕامەو نیقۆدیمۆس لاشەی مەسیحیان داگرت و بەکەتانو بۆنی خۆش پێچایان و لەگۆڕێکدا ناشتیان و بەبەردێکی گەورە گۆڕەکەیان داخست.


دوای پشووی ڕۆژی شەممە چەند ئافرەتێك چوونە سەر گۆڕەکەی.
بەردەکە لاچووە!
بۆچی لەنێو مردووان داوای زیندوو دەکەن، ئەو هەڵساوەتەوە. بڕۆن بەقوتابیەکان بڵێن.
پەترۆس و یۆحەننا دوای بیستنی هەواڵەکە ڕایان کردە سەر گۆڕەکەی.
چی ڕوویداوە؟
گۆڕەکەی چۆڵەو هیچی تێدا نی یە؟


لەبێستانێکی نزیك گۆڕەکە...
ئەی ژن بۆچی دەگریت؟
لەکێ دەگەڕێت؟
گەورەم تۆ بردووتە؟
مریەم!
گەورەم!
دەستم لێمەدە، دوورکەوە، بڕۆ
بەبراکانم ڕابگەیەنە، من بەرزدەبمەوەو
دەچم بۆلای باوکم و باوکتان



ئەو ڕۆژە دووان لەقوتابیەکانی عیسای مەسیح بەرووگرژیەوە دەڕۆیشتن، عیسای مەسیح هاتە لایانو قسەی لەگەڵ کردن. بەڵام نەیانناسیەوە...
نازانن کە لەنووسراوەکان هاتووە، پێویستە عیسای مەسیح ئازار بچێژێو بمرێ، دوایی لەناو مردووان زیندووبێتەوە؟
لەکاتی نان خواردندا لەناکاو لێیان وون بوو...
ئەوە خۆی بوو، مەسیح بوو!
دوو قوتابیەکە هەستان و بەخێرایی ڕۆیشتن تا ئەوانی تر بدۆزنەوە.
خوداوەندمان بینی!
مریەم و پەترۆسیش بینیویانە!
لەناکاودا...
سڵاوتان لێ بێت!
باوەڕناکەن من ئەوم؟ سەیری دەست و پێم بکەن!
ئەی خوداوەندو خودام!


عیسا بۆ ماوەی چل ڕۆژ بۆ لایەنگرانی دەرکەوت،
جارێك بۆ زیاتر لە ٥٠٠ کەس دەرکەوت.
ڕۆژێك قوتابیەکان لەدەریاچەی جەلیل ڕاوە
ماسییان دەکرد.
ئەرێ خواردنتان لایە؟
نەخێر، هیچمان ڕاونەکردووە!
لەلای ڕاستی بەلەمەکە تۆڕەکانتان فڕێبدەنە ناو ئاوەکە!
خودایە ئەمە چی‌یە، ئەم ڕاوە؟
ئەمە عیسای مەسیحە!
گەورەم!
دێن نانم لەگەڵ بخۆن؟


ئەی پەترۆس بەڕاستی منت خۆش دەوێ؟
عیسای مەسیح سێ جار ئەم پرسیارەی لەپەترۆس دووبارە کردەوە...
بەڵێ گەورەم.
تۆ خۆت دەزانی خۆشم دەوێیت.
بەرخەکانم بلەوەڕێنە!
دوام کەوە!
هەموو لەئاسمان و لەسەر زەوی پێم دراوە، بڕۆن هەموو گەلان فێربکەن، بەناوی باوك و ڕۆڵە و ڕۆحی پیرۆز لەئاویان هەڵکێشن، ئەوەی پێم ڕاسپاردوون فێریان بکەن.
لەبیرتان بێت من هەمیشە لەگەڵتانم
تا کۆتای زەمانە
دوای ئەم قسانە عیسای مەسیح بەرزبووەوە بۆ ئاسمان و زەوی بەجێهێشت و ووتی کە جارێکی تر دەگەڕێتەوە تا جیهان ڕزگار بکات.

عیسای مەسیح بەرەو ئاسمان بەرزبووەوە، بەلام
قوتابیەکانی بەدەم نویژو دوعاکردنەوە چاوەروان
بوون رۆحی پیرۆز کە رۆحی خودایە دلیان
پربکات، هەروەك عیسای مەسیح بەلینی دابوونی
کە بەهیزیان بکات و بەسەر کەموکوریەکانیاندا
سەریان بخات، شایەتی بۆ ئەو هەواڵە
دلخۆشکەرانەی عیسای مەسیح بدەن.







ئیستا هەموو لایەنگرانی مەسیح لەجیهاندا
بەیەکەوە نویژ دەکەن‌و کتیبی پیرۆز دەخویننەوە
و نانی‌ئیوارەی خوداوەند دەخۆن، تاکو یادی
مردنی مەسیح بکەنەوەو ئەو خۆشەویستیەی
مەسیح رادەگەینن بۆ خەلك کە دلیانی پرکردووە
بۆ هەموو مرۆڤایەتی‌و دەورووبەر.


عیسای مەسیح مەبەستەکانی خودای
دەربارەی مرۆڤ ئاسانکرد.
عیسای مەسیح خۆشی دەوێین!
سوپاس و ستایشی بکە!
خودا بەم چەشنە جیهانی خۆش ویست
تەنانەت تاکە ڕۆڵەکەی خۆی بەخشی بۆ ئەوەی
ئەوانەی باوەڕیان پێیەتی نەفەوتێن و ژیانی
هەتاهەتاییان بۆ مسۆگەر بکات.

چوار لە شایەتانی هاوچەرخی عیسای مەسیح، چوار نووسراویان لەسەر نووسیوە کە پێیان دەوترێ ئینجیل، ئینجیل بەمانای مزگێنی دێت و لەگەڵ کتێبە ئاسمانیەکانی تردا کۆکرانەوە هەموو لەیەك کتێبدا و ناونرا کتێبی پیرۆز. داواکارین کە خۆت بیخوێنیتەوە.

**مەتتای مزگێنیدەر:**

یەکێکە لەدوانزە قوتابیەکەی مەسیح، کاتێ مەسیح لەگوندی ناحوم دەگەڕا، لەنووسینگەی باجگرەکاندا مەتتای بینی و داوای لێ کرد دوای بکەوێ، ئەویش باوەڕی پێهێناو بوو بەیەکێك لە قوتابیەکانی. خەڵکی لەوە سەرسام بوون کە مەسیح هاوڕێیەتی باجگرەکانی دەکرد کە بەخیانەتکار ناودەبران، چونکە لە هەقی خۆیان زیاتریان لەخەڵك پارە وەردەگرت. مەتتا ئەوانەی بەچاوی خۆی بینیویەتی لەکتێبەکەی تۆماری کردووە.

**مەرقۆسی مزگێنیدەر:**

ئەو ئینجیلەی مەرقۆس نوسی بریتی بوو لەهەواڵی دڵخۆشکەر دەربارەی عیسای مەسیح. کاتێ عیسای مەسیح لەسەر زەوییان بوو، مەرقۆس منداڵ بوو، بەلام لەگەڵ پەترۆسی نێرراو زۆر گەڕاوە، تەنانەت پەترۆس لەیەکێك لەنامەکانی نووسیوویەتی ( مەرقۆس کوڕمە) ئینجا مەرقۆس لەگەڵ پۆڵسی نێرراو مژدەی هاتنی مەسیحی گەیاندە ئەوروپا.

**لۆقای مزگێنیدەر:**


لۆقای مزگێنیدەر هەواڵی دڵخۆشکەری دەربارەی عیسای مەسیح نووسیووە هەرچەندە خۆی نەیبینیوە. لۆقا خۆی پزیشکێکی نۆژداری یۆنانییە، باوەڕی بەعیسای مەسیح هێناو لەگەڵ پۆڵسی نێرراو گەڕاوەو چووەتە لای ئەو کەسانەی عیسای مەسیحیان بینیوەو باوەڕیان پێی بووە. گوێی بۆ ئاگاداری و فەرمایشتەکانی عیسای مەسیح گرتووەو ئەزموونی باوەڕداران و چۆنیەتی دامەزراندنی یەکەم کۆمەڵەی باوەڕدارانی تۆمارکردووە. کتێبەکەی (بەکرداری نێرراوان) لەکتێبی پیرۆزدا ناودەبرێ.

**یۆحەننای مزگێنیدەر:**

یۆحەننای هێژا بەدڵسۆزی و ئەمەکداری عیسای مەسیح لەلای خاچەکە مایەوە، لەکۆتایی ئینجیلەکەی نووسیوویەتی: ( زۆر نیشانەی تر کە عیسا لەبەردەم قوتابیەکانی کردوویەتی کە لەم کتێبەدا نەنووسراوە بەلام ئەمە بۆیە نووسراوە تا باوەڕبهێنن کە عیسا ڕۆڵەی خودایە و بەناوی ئەوەوە ژیانتان دەست دەکەوێ. یۆحەننای هێژا تەمەنی لەقوتابیەکانی تر درێژتر بوو، لەکۆتایی ژیانیدا لەبینیندا عیسای مەسیحی لەوپەڕی شکۆمەندیدا بینی و بینینەکەی لەکتێبێکدا تۆمارکرد ناوی نا (بینینی یۆحەننا) لەکتێبی پیرۆزدا، ئەمە گەشتێکە ڕووداوەکانی کۆتایی جیهان دەگرێتە خۆ.

**هەروەها تۆش:**

هێشتا چیرۆکی مەسیح کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو بەدرێژایی سەدەکان لەژیانی باوەڕدارە ڕاستەقینەکاندا بەردەوامە و لەوانەیە لەژیانی تۆشدا بەردەوام بێت. مەسیح دەیەوێت خۆشەویستی خۆی و خواناسی پیشان بدات، دەیەوێ ئەوەی لەگەڵ قوتابیە یەکەمینەکانی کردوویەتی لەگەڵ تۆش بیکات. بەرۆحی پیرۆز دڵت پڕبکات و ژیانت لەناوەوە بگۆڕێت، ئەوەی تاریکە ڕۆشن دەبێت، ئەوەی دەمرێت دەبێتە ژیانی هەتاهەتایی. سوپاس بۆ عیسای مەسیح، ئەوەی مەبەستی خودا لەژیاندا مسۆگەر دەکات.







**عیسای مەسیح**: چیرۆکێکە بەنیگاری دەربارەی ژیانی عیسای مەسیح. بەڵێ! چونکە نەوەی نوێ لەگەڵ ئەم زمانەدا گەشەدەکات و لەهەمووشوێنێك دەبینن منداڵان لەم زمانە تێدەگەن کە زنجیرەی نیگاری! بۆیە چیرۆکی ژیانی عیسای مەسیح بەم چەشنە نیگارە نووسرا تاکو مزگێنی بگاتە ئەم نەوەیە.

ئەم کتێبە دادەنرێ بەوەرگێڕانێکی باسی ئینجیل و ئەم چیرۆکە بریتییە لەبەشێکی وەرگێراو لەهەر چوار ئینجیلەکەدا. سیناریۆکان لەگەڵ هێڵی درامی هاوشانن و ڕاسپاردەیەکی بەهێز دەگرێتەوە، ووتەکان بەشێوەیەکی هاوچەرخانە نووسراون بەڵام زنجیرەی نیگارە بەشێوازێکی نوێ دادەنرێ وا لەخوێنەر دەکات زانیاری دەربارەی گرنگترین چیرۆك بزانێ.



